# یەکجاری تر، ئیمەو ریفراندۆم وقسەیەك لەگەل کاك عبدالرحمن مولود

**خەسرەو سایە**
**k.saya’ukonline.co.uk**

کاك عبدالرحمن، لەسەر وەلامیك کەمن بەپرسیارەکانی ئەوم لەبارەی ریفراندۆم و کەرکوکەوە ، دابوەوە، دووبارە چەند سەرنجیکی خستۆتەروو، کەلەمن دەخوازی قسەیەکیان لەسەر بکەم:

## یەکجاری تر ئیمە و ریفراندۆم :

کاك عبدالرحمن لەبارەی ریفراندۆمەوە تەنها "کەمپینیکی دریژخایەنی لەبەر چاوە" و بەوە رازی نی‌یە کەئیمە پیشگرو پاشگری پیوە ببەستین، تەنانەت ئاماۆژگاریشی بۆئیمە ئەوەیە کە"حیزبیکی سیاسی ووردبین بین لەدارشتنی دروشمەکانماندا"و دواتریش دەپرسی" یان ئیوە پیتان وایە پیش هەلبژاردن ریفراندۆم دەکری!؟"

بەداخەوە کاك رحمن ریفراندۆم وەك دروشمیك لەخویدا دەبینی ولەنیو بارودۆخەکانی ئیستا و تەوازنی هیزەکان دەردەکیشی و تەنانەت ئیحتمالی هاتنە مەیدانی فاکتۆری خەلکی کوردستان بۆ گۆرینی تەوازنی هیزەکان بەئاقاری داسەپاندنی یەك داوای خۆیاندا کەریفراندۆمە نابینی. ئەوەشی کەئیمە دروشمی"ریفراندۆم پیش هەلبژاردن"مان بەرزکردۆتەوە نەکاریکی دلخوازانەیەو وەنە لەداوای ریفراندۆم وەك"کەمپینیکی دریژخایەن" کەم دەکاتەوە، بەلکو مەسەلەکە پەیوەندی بەیەك حالەتی سیاسی‌یەوەیە کەهەلبژاردنەکان خستویانەتەبەردەم خەلکی کوردستان. هەروەك پیشتیرش ئاماژەی پیدرا، کە ئیستا هەلبژاردنیك لەعیراق بەریوەیە، ئەم هەلبژاردنە لەچوارچیوەی پرۆسەی سازدانەوەی دەولەتی عیراقدایە و لەروانگەی داهاتووی خەلکی کوردستانەوە ئاکامەکانی هەرلەئیستاوە بەوەدەگات کوردستان جاریکی‌تر بەبی خواستی خەلکەکەی بەدەولەتیکەوە بلکیندریت کە لەسەر بناغەی قەومی عربی وئیسلامی دادەمەزری، خەلکی کوردستان هەقیانە داوابکەن کەپیش هەلبژاردن چارەنوسی ئەوان لەریگای ریفراندۆمیکەوە مەعلوم بکەن. لایەکی‌تری ئەم دروشمە ئەوەیە کەخەلکی کوردستان ناکری بی بەدیل لەبەرامبەر سیاسەتی پەلکیشکردنی یەکیتی وپارتی بۆنیو هەلبژاردنەکان رابگیرین، هەربۆیە شیعاری"ریفراندۆم پیش هەلبژاردن" دەتوانی شیعاری ئیسپاتی خەلکی کوردستان بیت لەبەرامبەر موقاتەعەی سەلبی هەلبژاردنیکدا کەمەعلومە زیانی ئەوانی تیدایە. لەبارەی ئەوەشەوە کە ئیمە پیمان وایە ریفراندۆم پیش هەلبژاردن دەکری بۆیە ئەم دروشمەمان هیناوەتەکایەوە. دەمەوی ئەوە بلیم کە ئەگەر ئەمە واشبیت بەراستی چ گرفیتك هەیە. پاشان کاك عبدالرحمن بەراستی بۆناکری و چ ئیراد هەیەلەوەدا کە تەوقعاتی حیزبیکی سیاسی بچیتەسەر ئەوەی کەهیزی خەلکی کوردستان دەتوانن و بۆیان دەکری کە پیش هەلبژاردن داوای ریفراندۆم بەسەر بارودۆخەکانی ئیستاو هیزەکاندا بسەپینن و بەمجۆرەش بەربەهەلبژاردنیك بگرن کە قازانجی ئەوانی تیدانی‌یە. ئایا ناکری ئەورۆژانە لەخەلکی وهیزی جەماوەر چاوەروانبکەین کەئەگەر لیببرین و ئینتخابی سیاسەت و هەلویستی دروست بەرەو خواستەکانیان بکەن، دەتوانن ئەو گۆرانکاری‌یە بەدی دەهینن، کەسالەهای سالە بۆی چاوەروانن؟

ئەوەراستە کەهەلبژاردنەکان ماوەی مانگیکی ماوە و ئەم کاتەش بۆ بەرپاکردنی ریفراندۆمیك کەم دیتەبەرچاو، بەلام بەبروای من هیندەی خەلکی کوردستان توانیان سیاسەتی دروست بگرنەبەرو لەدەوری خواستی‌خۆیان بینەمەیدانەوە، ئەوکات نەك مەسەلەی هەلبژاردن بەلکو هەموو هاوکیشەکان دەچنە جیگایەکی تر. لەیەك وتەدا مەسەلەی ریفراندۆم پیش هەلبژاردن ، ئەنجامدان و نەدانی دووئیحتمالی واقعی‌یە و هەردووکیان مومکینە وئەمەش بەخودی هیزەسیاسی‌یەکان و خەلکی کوردستانەوە بەندە. بەلام سەرنەگرتنی ریفراندۆم پیش هەلبژاردن هەرگیز بۆئیمە بمانای دەست هەلگرتن نی‌یە لی.

## ئایا گرفتیك لەوەداهەیە هەرچەند هەفتە دروشمەکانمان بگۆرین؟

لەسەرنجیکی تردا بەریز کاك عبدالرحمن، ئەو خالە دینیتە پیشەوە کەحیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق " هەرچەند هەفتە دروشمیکی نوی بەزردەکاتەوە" هەلویستەکانی لەمەر ریفراندۆم دەگۆری؟ و ئەمەش جیگای سەرنج و تیرامانە پەیگیری ئەم حیزبە دەباتە ژیر پرسیارەوە، .. بەبروای من سەنج و تیرامانیکی لەم جۆرە لەشوینی خۆیدا نی‌یە. بەداخەوە بەریزیان لەباتی سەرنجی ناوەرۆکی دروشمەکان و هەرئالوگۆریك کەلەسیاسەتی ئیمەدا هاتووە، بدات لەسەرئەوە تیرامانی خۆی جیگیردەکات کە"ئیمە دروشم وهەلویست دەگۆرین وئەمەش بەهەلبەز و داباز" دەزانی. لەکاتیکدا هیچ گرفتیك لەوەدانی‌یە ئیمە ئەم مەسەلەیەمان رەچاوکردبیت، بەتایبەتی لەدنیای سیاسەتدا و بۆ حزبیکی زیندوو کە خەریکە چنگ لە واقع گیردەکات تابتوانی بیگۆری پیویستی بەوەیە کە بەشیوەیەکی دیالەکتیکی مامەلە لەگەل هەلویستەکان و دروشمەکانی بکاو بەپی‌ی زەرورەتی خەبات و تیکۆشانی خەلك ئالوگۆریان بەسەردابهینی. کاك عبدالرحمن ئەگەر کەمیك سەرنجی خۆی بباتەسەر تەواوی ئەحزاب، دەولەتان و هەرهیزیکی سیاسی ئەوە بەرۆشنی دەبینی کە رۆژانە خەریکی گۆرینی دروشم و سیاسەتەکانیانن، ئەمەش نەعەیبەو نەئیرادی تیدایە، بەبروای من ئیراد لەوەدەیە کە ئایا ناوەرۆکی ئەو دروشم و هەلویست گۆریانە روویان لەچی‌یەو پەیوەندی‌یان بەبەرژەوەندی‌یەکانی کام بەشە لەخەلك و کۆمەلگاوەهەیە وچ ئاسوو داهاتوویەك دەخاتە بەرپی‌ی خەلك و کۆمەلگا. ئەوتا پارتی و یەکیتی رۆژانە و هەفتانەو مانگانە دروشم و سیاسەتی خۆیان دەگۆرن، لەمەدا هیچ جیگای سەرنج و تیرامان و تەنانەت سەرزەنشت نین،

ئەوەی جیگای رەخنەو تیرامانە ئەوەیە لەگرتنەبەری دروشم و هەلویستە نویەکانیاندا، چاویان لەبەرژەوەندی خۆیانەو هیچ پیوەندیکی بە بەرژەوەندی خەلکەوە نی‌یە وئاسو داهاتوویەکیش دەخەنەبەپی‌ی خەلك کەجگەلە شکست و نەهامەتی هیچی تری لیناکەویتەوە.. بەداخەوە کاك عبدالرحمن لەباتی سەرنج و تیرامانەکانی خۆی بەریتە سەر مەزموونی سیاسەت و دروشمەکان لەروالەتی مەسەلەکاندا خەریکە هەلویست لەئیمە دەگری وکاریکی واش بەپی‌ی مەنتقی بیرکردنەوە، ناتوانی جیگایەك بگری.

## حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق هەلویستی لەچی گۆریوە؟

ئەوەی کەچەندینجار لەسەرەنجەکانی کاك عبدالرحمندا، دووپات دەبیتەوە ئاماژە دانەبە "ئالوگۆر لە هەلویستەکانی ئیمە لەبەرامبەر دروشمی ریفراندۆم"دا، و هەرئەمەش بنەمای تیرامان و خستنەرووی گۆمانەکانی‌یەتی ..لەکاتیکدا من ئەوە دووپات دەکەمەوە کە"ریفراندۆم بۆئیمە پرەنسیپیکە بۆچارەسەری کیشەی کورد" و لەم رووەشەوە راشکاوانە بەکاك عبدالرحمن رادەگەیەنم کەئیمە لەهەموو ئەو دەورانەی کەلەگەل کیشەی کورد بەرەو روین هەلویستی نەگۆرمان بۆچارەسەری ئەم کیشەیە رفراندۆمە وهیچ کاتیك لەدەستوری خۆمانمان دەرنەکیشاوە، بەلکو ئەوەی ئالوگۆری بەسەر داهاتووە هەلویست و مامەلەی ئیمەیە لەسەر خودی کیشەیەك کەبەناوی کیشەی کورد باسی لیوە دەکەین. بەداخەوە کاك عبدالرحمان لەنیوان هەلویست لەریفراندۆم وەك پرەنسیپ و دروشمیك ، تیکەلاوی‌یەك پیکدینی لەگەل هەلویستگرتن لەکیشەیەك بەناوی کیشەی کورد!! و بەم زهنیەتەشەوە تیرامان و سەرنجەکانی لەسەر ئیمە دروست کردووە. بەلای ئیمەوە ریفراندۆم تەنها ریگایەکی دیموکراتی و بیدەردە سەر و راستەخۆیە بۆ چارەسەری یەکجاری هەرکیشەیەکی قەومی لەدنیای ئەمرۆدا، بەلام ریفراندۆم خوی وەسیلەیە نەك ئامانج و ناکری وسیلە بخریتە جیگای ئامانج وتیکەلاوی لەنیوانیاندا پیکبهنریت. چونکە دەکری لەچارەسەری هەرکیشەیەکی قەومیدا لەوانەش کیشەی کورد، ئامانجی جیاواز لەلایەن هیزەکانەوە بهنریتە گۆری، بەبی ئەوەی پەنا بۆ ریگای ریفراندۆم ببریت وئەوانەش ببنە ئەمری واقع. بۆنمونە دەکری کیشەی کورد لەریگای جەنگ و شەری قەومی بەئامانجیکی دیاریکراو لەوانەش جیابوونەوە بگا. وەیا دەکری لەریگای تەوافقاتی سیاسی هیزەکانەوە بەریکەوتن لەسەر جیابوونەوە وەیا مانەوەی مووەقەت بەشوینیکی‌تر ، لەوانە ئۆتۆنومی وفیدرالیزم وشتی لەم جۆرە بگات. کەوایە پیویست ناکات کاك عبدالرحمن هیندە تیرامانەکانی خۆی لەسەر ریفراندوم لەبەرامبەر ئیمەدا کیش پیبدات. بەلام لەبارەی ئالۆگۆریك کەروویداوە لەهەلویست وسیاسەتەکانی ئیمە لەبەرامبەر کیشەی کورددا، سەرەتا دەمەوی ئەوە تەئکید بکەم بۆ کاك عبدالرحمن و هەر خۆینەریکی تر کەبەلی ئیمەلەماوەی یەك دووسالی رابردوودا هەلویستی جیاوازمان لەسەر مەسەلەی کورد نیشانداووە، کەدیارە ئەمەش نەکاریکی لەخۆوە بووە و نە نیشانەی"هەلبەز ودابەزی سیاسی"ئیمەیە، بەلکو لەپشتی‌یەوە گۆرانکاریەکی سیاسی و کۆمەلایەتی راوەستاوە، کەرووی لەکۆمەلگای عیراق و کوردستانکرد و ئەمەش نەك هەرئیمە، تەنانەت یەکیتی وپارتیشی ناچارکرد بەئالۆوگۆر لەهەلویستەکانیان لەمەر کیشەی کورد. لیرەدا بۆرۆشنکردنەوەی زیاتری بناغەکانی ئەم گۆانکاریانەش هینانەوەی پەرەگرافیك لەوتویژی من لەگەل گۆڤاری ریفراندۆم بەکافی دەبینم:

" ... ئەگەر ئاووریك لەبناغەی هەلویست و سیاسەتی حیزب لەبەرامبەر مەسەلەی کورددا بدەم، باشترە دەستەبەندیەك لەهەریەك لەو دەورانانەدا کە سیاسەتی حیزب بەیاندەکات بخەمە روو:

لەدەورەی لەسەر کاربوونی رژیمی ناسونال فاشیستی بەعس و سەرگەردانی‌یەکی سیاسی کە کۆمەلگای کوردستانی تیا راگیرابوو، سیاسەتی حیزب بۆ چارەسەری مەسەلەی کورد بریتی‌بوو لەجیابوونەوەی کوردستان و دامەزراندنی دەولەتیکی سەربەخۆی نامەزهەبی وناقەومی لەریگای ریفراندۆمیکەوە کە خەلکی کوردستان ئازادانە دەنگی بۆبدەن. ئیمە لەم سیاسەتەدا پیشرەوی کۆمەلایەتی‌مان لەهەردوولای گرفتەکەدا بەقازانجی خەلکی عیراق وکوردستان دەبینی وپیمان وابوو کەبۆکۆتایی هینان بەستەمی نەتەوایەتی وترسی پەلامارو گەرانەوەی رژیمی بەعس بۆسەر خەلکی کوردستان، لەلایەك و وەبۆ گیرانەوەی هەویەتی ولاتی بۆکوردستان وکۆتایی هینان بەهەلواسراوی و نادیاری‌یەك کەرووی لەچارەنوسی خەلکی کوردستان کردبوو، جیابوونەوە و دامەزراندنی دەولەتیکی سەربەخۆ لەکوردستاندا، ئەتوانی ئەم ئامانجانە بەقازانجی خەلکی کوردستان و ناوچکە بەدی بهینی. بەلام لەدەورەی دوای رووخانی رژیمی بەعس و هاتنەکایەوەی فەراغی سیاسی لەعیراقدا، فرسەتیك بۆ سەرجەم خەلکی عیراق هاتەکایەوە کەتیایدا دەخالەت بکەن ولەسەرئایندەی خۆیان بریاربدەن بەدامەزراندنی دەولەتیك کەنەك هەر هیچ جۆرە هەلاواردن ونابەرابەری‌یەکی قەومی قبولنەکەن بەلکو زۆرترین ماف وئازادی‌یەکان بۆ هەموو هاولاتیان جیگیربکەن. لەم دەورەیەدا بەنەمانی رژیمی قەومی بەعس، نەك هەر دەستور وهەموو ئەویاسایانەی کە خەلکی کوردی بەهاولاتی پلەدوو بەحساب دەهینا، هەلوەشاندەوە بەلکو ریگای کردەوە کە سەرانی ئەحزابی کوردی بەناوی کوردەوە لەدەسەلاتی مەجلیسی حوکمدا بەشداربن و جیگاو ریگایان پی‌بدری. بەمجۆرەش ستەمی نەتەوایەتی لەسەر خەلکی کوردستان نەماو کۆتایی بەوەهات کەخەلکی کورد بەهۆی کوردبوونیانەوە ستەمیان لیبچی ووەك باقی خەلکی ناوچەکانی عیراق پیکەوە لەسیناریۆیەکی رەشدا قەراریانگرت و هەردوولا لەگەل نادیاری چارەنوسی خۆیاندا بەرەو رووبون. لەباروۆخیکی ئاواشدا هەولو تیکۆشانی سەرجەم خەلکی عیراق بۆدامەزراندنی دەولەتیکی سکولاری ناقەومی ونامەزهەبی وپیناسەکراو لەسەر بناغەی مافی هاولاتیانی یەکسان بۆهەمووانیشتوان، دەیتوانی پیشرەوی کۆمەلایەتی بەئاقاری داهاتوویەکی باشتر بەری وخەلکی سەرجەم عیراق بۆهەتا هەتایە لەقەومەیەت وهەلاواردنی قەومی وئەو کیشانەی لەپیناسەی قەومیەتەوە سەرچاوە دەگری نەجات بداو بگرە هەلیکی ئازادانەش برەخسینی بۆ خەلکی کوردستان تا بتوانن لەریفراندۆمیکدا لەسەر مانەوە وەیا جیابوونەوە وپیکهینانی دەولەتی سەربەخۆ بریاربدەن. لەسەر ئەم بناغەیەبوو ئیمە شیعاری " دامەزراندنی حکومەتیکی سکولاری نەقەومی و نەمەزهەبی لەعیراقدا " بۆچەرەسەری کیشەی کورد و هاوکات بۆ گیرانەوەی ئەمنەیت و مەدەنیەت بۆ سەرجەم خەلکی عیراق بەدروست گرتەبەر. بەداخەوە وبەهەر هۆیەکەوەبیت ئەم سیاسەتە نەبووە داهاتووی کۆمەلگای عیراق و

ئەمریكاو هاوپەیمانی لەنیو دەستەو تاقمی قەومی و ئیسلامیداو توانیان دەولەت وحكومەتی كاتی و دەستوریك داسەپینن بەسە رخەلكی عیراقدا وبەم جۆرەش بارودۆخی كوردستان و مەسەلەی كورد راپیچدەنەوە بۆقوناغیكی تر كەسیمای قەومی و مەزهەبی لەدەستورو دەولەتی كاتیدا رەسمیەتی پیدراوە و هاوكات سازشی ئەمریكا و هیزەكانی تر لەگەل ئیسلامی سیاسی و دەست دریژبوونیان بەسە ر ژیانی كۆمەلگادا، خەتەری پیكدادانی قەومی و گیرانەوەی هەلاواردنی نەتەوەیی لەسیناریۆی رەشی ئیستادا كردۆتە یەك داهاتووی چاوەروانكراو. لەحالیكی ئاواشدا كەبەشداری سەرانی ئەحزابی كوردی، بۆوەرگرتنی پۆست و ئیمتیازات و رەسمیەت دانە بەدەسەلاتی خۆیان، مەسەلەی كورد وەك خۆی دەهیلیتەوە و دەیكاتە داردەستیك بەدەست ئەم هیزانەوە تا لەچوارچیوەی هاوكیشە سیاسی‌یەكاندا كایەی پی‌بكەن وبەمهۆیەشەوە چارەنوسی خەلكی كوردستان لەكاكیشانی پیكدادانی قەومی وپەلاماردانەوەی شارەكانی كوردستان و سەرهەلدانی شەری ئەهلی دارابگری. ئیمە بۆبەرگرتن لەداهاتوویەكی ئاواو لەكاتیكدا كەئیحتمالی دامەزراندنی دەولەتیكی سكولاری ناقەومی ونامەزهەبی وهەلبژیردراو لەنوینەرانی خەلك كەمتر دەبیتەوە، مەسەلەی دەركیشانی خەلكی كوردستان لەم ئیحتمالاتانە و لەسیاسەتی چاوەروانی وكایەكردنی ئەحزابی ناسیونالیستی كورد، بەوە دەبینینەوە كەخواستی جیابوونەوەی كوردستان و دامەزراندنی دەولەتیكی سەربەخۆ لەریگای بەرپاكردنی ریفراندۆمیكەوە بەكردەوە دەربیت. بەمجۆرە سیاسەتی ئەم دەورەیەی ئیمە لەبەرامبەر مەسەلەی كورددا كە بەرۆشنی لەبەلگەنامەی پلنۆمی 14 كۆمیتەی ناوەندیدا خراوەتەروو، جیابوونەوەی كوردستانە لەریگای بەرپاكردنی ریفراندۆمیكەوە، بیگۆمان ئیمە ریفراندۆممان بۆجیابوونەوەی كوردستان و دامەزراندنی دەولەتیكی سەربەخۆ دەوی نەك بۆ فیدرالیزم و وەرگرتنی ئیمتیازات لەكابینەی علاوی و دەولەتی یاوەر، مەبەستیكی وا نەمەسەلەی كورد كۆتایی پیدینی ونەخەلكی كوردستان لەداهاتوویەكی مەترسیدار كەئیحتمالی هەیە دەركیشی... ئەمانە ئەو بناغەنایە كە گۆرانی سیاسەتەكانی ئیمەی لەسەر وەستاوە. "

هیوادارم كاك عبدالرحمن هەلویستەكانی ئیمە لەپەیوەند بە واقعیەتەكان و ئیحتمالاتەكانی‌یەوە سەرنج بدا و بەشیوەیەكی موجەرەد نەیانبینی. بەتایبەتی كەپی‌ی وانی‌یە " كیشەی كورد" لەچوارچیوەی هەلومەرج وئالۆگۆرە كۆمەلایەتی‌یەكانەدا، قابیلی ئەوەیە بەشیوەی دیاری‌كراوی خۆی مامەلەی لەگەل بكری وچارەسەری دیاركراوی بۆپیشنیاربكری.

## یەكجاری‌تر لەبارەی كەركوكەوە:

كاك عبدالرحمن جاریكی‌تر لەبارەی كەركۆكەوە چەند پرسیار دووبارە دەكاتەوە:

1- "بەریزتان لیرەدا بە(ئەگەر)یكەوە، وەتا تەنها لەهەل ومەرجیكی تایبەتی، خوزیارن خەلكی كەركوك نەچنەوە ژیر ركیفی حكومەت و كوردستانی سەربەخۆش پیكبیت. بەلام سەرەرای ئەوئەگەرەش ئەوە نالین كەكەركوك بەشیك دەبیت لەوكوردستانە سەربەخۆیە یان نا؟ كەناوەرۆكی پرسیارەكەبوو."

بەلی ئەوەراستە ئیمە بە"ئەگەریكەوە" وەلامی پرسی كەركوك وریفراندۆمیك بۆئەم شارە دەدەینەوە، هاوكاتیش ئەوەدروستە كەدەلین ئیمە تەنها لەهەلومەرجیكی تایبەتیدا خوازیاری هەم جیابوونەوەی كوردستانین وهەم پەیوەست بوونی كەركوكین بەهەرلایەكەوە، جا چ حكومەتی مەركەزی بیت وەیا كوردستانی سەربەخۆ. بۆ ئەمەش كاك عبدالرحمن دەبی ئەوە بزانی ئیمە حیزبیكی ناسیونالیست وجیاخوازبەشیوەكی گشتی نین، كەبەبی مەرج ولەهەموو هەلومەرجیكدا لەروانگەی نەتەوە وخاكەوە بۆكیشەی كورد وكەركوك بروانین، بەلكو بۆئیمە هەویەتی ئینسانی وماف وپیشرەوی كۆمەلایەتی‌یە كەبەقازانجی كۆمەلانی خەلك دەبیتە بناغەی ئەوەی كەهەركیشەیەك بروانین وهەلویست بگرین، بەم پیوانەیە لایەنگری ئیمە لەجیابوونەوەی كوردستان، لەویوە سەرچاوەی گرتووە، كەبیمافی وهەلاواردنیكی قەومی وسەركوت بەهۆی بوونی دەولەتیكی قەومی لەعیراقدا لەبەرامبەریاندا راوەستاوە و تائەوكاتەشی دەولەتی قەومی لەسەر كاربیت ستەمی قەومی، دەبیتە سەرچاوەیەك بۆ هەلاواردن وكیشەو رقەبەرایەتی نیوان ئیسانەكان، بۆیە جیابوونەوە و پیكهینانی دەولەتیكی غەیرەقەومی غەیرەمەزهەبی دەتوانی هەنگاویكی رووڵەپیشی كۆمەلگای كوردستانبیت بەقازانجی خەلك. لەمەسەلەی كەركوكیشدا، هەروایە ئەگەرببینین لەكوردستان دەولەتیكی مۆدیرن وسكولار لەسەربناغەی ماف وئازادی‌یە فەردی وكۆمەلایەتی‌یەكان دامەزراوە وپیناسەی قەومی ومەزهەبی لەبەرخۆی داتەكاندووە، ئەوا پەیوەست بوونەوەی شاری كەركوك بەقازانجی خەلكی كەركوك دەبینین وهانیان دەدەین ئەم ریگایە هەلببژیرن. بەلام بەپیچەوانەی ئەمەوە ئەوا خەلكی كەركوك لە هەرحالیكیاندا، لەدەروە وەیا لەگەل كوردستاندا بژین هەر چەوساوە وبیماف دەبن، بۆیە ئیمەش ئەوە بەكاری خۆمان نازانین هانی كەس بدەین بۆجەهەنەمی هاوشیوە، بەلای ئیمەوە زولم وزۆرداری ئەگەر كوردبیت ئەگەر عەرەب ئەگەر مەسیحی ئەگەر ئیسلام، جیاوازی‌ناكا و پیویست نی‌یە خەلكی بۆبخریتە ئیختیاری هەلبژاردنیكەوە كەلەهەردوو سەرەوە یەك ناوەرۆكی دژبەخەلكیان هەیە.

2- كاك عبدالرحمن دیسانەوە دەپرسی: "هەلویستان لەكەكوك بەشیكە لەكوردستان یان نا.. .) ئیمە وتمان ئەمە پرسیاریكە پەیوەندی بەخەلكی كەركوك خۆیانەوە هەیە، وتمان ئیمە ناسیونالیست نین وخۆمان بەكویخای خەلكی ئەمشارە نازانین، وتمان ئەوە مافی خودی خەلكی هەرئەوشارەیە كەبریاربدەن كەچ لایەك هەلدەبژیرن، كوردستان یان، عیراق. هاوكات وتمان ئەگەر ریفراندۆمیك هاتەپیشەوە بۆ پرسی خەلكی ئەمشارە، ئەوا ئیمە سەرنج دەدەین كەقازانجی خەلك لەسەر بناغەی ماف وپیشرەوی كۆمەلایەتی‌یان بەچباریكدا دیتە دی وقازانجیان لەكویدایە بریارو هەلویست دەگرین. بەلام ئەو هەموو پیداگری‌یەی كاك عبدالرحمن لەسەر كەركوك بۆئەوەیە كە ئیمەبلین كەركوك شاری كوردستانە یان نا! پرسیاریكی واش زۆرتر لەزهنی‌یەتیكی ناسیونالیستی‌یەوە دیتەئاراوە ونایەویت مەنتقی ئیسانی وپیشرەوانە ببینی. باشە ئەگەر بۆساتیك

پشتمان لەماف وئینسایەت وپیشرەوی کومەلایەتی کردو بریارماندا ئەم شارە شاریکی کوردی وکوردستانی‌یە، ئەوکات چی، کەخەلکەکەی هەر لەژیر سایەی دەسەلاتی قەومی وحوکمی ئیسلام وقانون وسیستەمی ئیداری سەردەمی بەعسدا ژیانبکەن؟ ئاخر ئەوە چ دەستکەوتیك دەدات بەژنانیکی کوردی کەرکوك کەئەگەر شارەکەی بەشیك بیت لەکوردستان و وەیان نەبیت کەبەهەمان شیوەی ئیستا لەقانونی سکولار ویەکسانی بی بەری بیت ؟ یان بۆ کریکار وبیکارانیك، بۆ هەژاران و خەلکیکی کریچی وبی ساوپەنای کەرکوك، ئەم مەسەلەیە چ فەرقیك پیکدینی بۆیان کە ئەگەر شارەکەیان بەشیك بیت لەکوردستان و هەمان ژیانی دەردەسەری وماندویی بەشیانبیت؟ پاشان دەکری ئەوە لەبیر خۆمان ببەینەوە، کەژیانی خەلکی ئاوارەی کەرکوك بەکوی گەیشت وەختیك لەشارەکانی هەولیروسلیمانیدا بردیانەسەر؟ ئایا ئەوە هەرئەوان نەبوون لەولاتی خۆیاندا ئاوارەبوون، مەعسکەرەکان وبینایەی ئەمن و کەلاوە وبن دەوارەکان ژیانیانبوو! ئاخر لەبیرمان چوتەوە کە ئەوە منالانی کەرکوك بوون لەشارە کوردستانی‌یەکانی هەولیروسلیمانیدا مافی چونە مەکتەبیان بووە دەستفرۆشی وئەنجامدانی کاری منالانە؟ ئاخر ژمارەی هەرئەو لاوە کەرکوکیانەی شارەکانی کوردستان کەمبوون لەبیدەرەتانی و نەبوونی وبیکاریدا کەوتنە خوین وگورجیلەفرۆشتن وپارچەکانی لەشیان..؟ ئایا بەراستی ناسیونالیزم و دەسەلاتەکەی چاوەریی ئەوەی لیدەکری، کارنامەیەکی‌تری لەوە زیاتر پیشکەش بەخەلکی ئەمشارەبکات ئەگەر ئەوان ببن ببەشیك لەکوردستان؟

لەراسیتیدا ئەوە مەعلومە کەناسیونالیزمی کورد بزوتنەوەی بۆرژوازی وچینە داراکانی کوردە ورەنگکردنی هەرجوغرافیایەك بەهەویەتی قەومی بۆ ئەوەنی‌یە ژیانی خەلك وپیشکەوتنی کۆمەلگای کوردستان بەدی بهینی، بەلکو بۆئەوەیە بستیك بخاتە سەربازاری سەرمایە وپارو پۆلی. بەراستیش ئیمە کارمان ئەوەنی‌یە خەلکی شاریك بەبی مەرج و لەخۆرا بۆمەبەستی چاوچنۆکی بۆرژوازی کوردی بەکاربەرین. ئەگەریش کاك عبدالرحمن ئەمەمان لی وەرناگری ئەوا بمانبەخشی لەوەی کەبەبی مەرج شاری کەرکوك تەسلیم بەکوردستانیك ناکەین کەمەعلوم نی‌یە چ قازانیج دەبەخشی بەخەلکەکەی!!

## ژیانی پیکەوەیی"هارمۆنی"؟

کاك عبدالرحمن بۆبەرپەچ دانەوەی هەویەتی کۆمەلایەتی وئینسانی هاوبەشی خەلکی زمانە جیاوازەکانی شاری کەرکوك وهاوچارەنوسی‌یەك کەلەمیژوودا بوویانە ئیمە دەباتەوە سەر نمونەی یۆگسلافیاو بەتیوەری زانستیك دەمان سپیریت کەبناغەکەی ئەوەیە: کەمادام "جیاوازی میللی" لەهەرولاتیکدا هەبی "ژیانی هارۆمۆنی" پیك نایەت،! لەنمونەی عیراقی‌یەکەشیدا ئیمە دەسپیرت بەمیژووی عیراق و دەلیت: "ئەوەی بیەویت لەکیشمەکیشی ناو کۆمەلگای عیراق بگات، دەبیت بگەریتەوە بۆمیژووی ئەو ولاتە. من پیم وایە پیکهینانی عیراق پرۆژەیەکی فاشیلە لەورۆژەی عیراقیش پیکهاتووە تاکو ئیستا میللەتانی پیکهینەری ئە ولاتە بەشیوەیەکی هارمۆنیك نەژیاون. هەرکەسیکیش سەیری میژووی نوی‌ی عیراق بکات بەداخەوە نمونەی زۆر دەبینیت کە چۆن کورد وتورکمان، کورد و عەرەب .. تاد یەکتریان قەتل وعامکردووە..."

ئەوە راستە کە پیکدادان وکوشتاری قەومی لەنیوان کوردو عەرەب و تورکماندا گۆشەیەکی لەمیژووی عیراق پیکهیناوە، و بەم پی‌یەش گرفتی تیکەلاوبوونی زیاتر و پیکهاتنی زۆرتری "ژیانی هارمۆنی" لەنیوان ئەم خەلکانەدا دروست کردووە، بەلام هۆکاری ئەم کیشەو گرفتانە "جیاوازی میللی" نین، بەلکو ئەوە ناسیونالیزمی عەرەبی وکوردی وتورکمانە کەخەلکی ئەم شارەیان ناوەتە بەرامەبەر بەیەك وبۆتە کۆسپی سەریگای ژیانی ئینسانیان. خەلکی کوردوعەرەب و تورکمانی شاری کەرکوك نەبە"جیاوازی میللی"یەوە لەدایك بوون تا رقو قینەبەریتی قەومی بۆیان ئەسل بیت کەنەتوانن لی‌ی دەرچن، ونە"جیاوازی میللی" بۆیان ئەبەدی وهەتایی‌یە، کەنەخوازن "ژیانی هارمۆنی" پیکەوەبکەن. بەلکو ئەوەی ئەم جیاوازی‌یانەی دروستکردووە، ناسیونالیزم وپرۆژەی میلەت سازکردن و"جیاوازی ژیان" لەسەر بناغەی پۆچی رق وکینەی قەومی ورەگەزیە، دەنا ئینسانەکان بەئینسانی لەدایك دەبن وبەخەسلەتی کۆمەلایەتی‌یانەوە دینە مەیدانەوە. بەم حالەشەوە بەبروای من "ژیانی هارمۆنی" نیوان خەلکی زمانە جیاوازەکانی کەرکوك هیشتا زۆرترە لەچاو "ژیانی هارمۆنی" کەلەنیوان خەلکی سلیمانی و هەولیر و دهۆکدا هەیە، تەنەت ریژەی تیکەلاوی کوردی کەرکوك زۆرترە لەگەل دانیشتوانی شاری کەرکوك خۆیدا تا شارەکانی سلیمانی وهەولیرو دهۆك و..، تەنانەت بۆ نوکتە و گالتەکردن، ئەم دیاردەیە لەشارەکانی سلیمانی وهەولیر و بادینان چ لەبەرامبەر خۆیاندا وچ لەبەر امبەر خەلکی کەرکوکدا کەمتر نی‌یە لەچاو حالەتیکدا کەلەنیوان زمانە جیاوازەکانی شاری کەرکوکدا هەیە.. بەبروای من ئەمانە هەمووی دروستکراوی ناسیونالیزم و فەرهەنگەکەیەتی...ئەگەر کاك عبدالرحمن ئەوە لەئیمە وەرناگری کە ناسیونالیزم هۆکاری شەرو قینەبەریتی و پیکنەهاتنی ژیانی هارمۆنی وگالتەجارکردنی نیوان ئیسانەکانە لەهەرشوینیك بن، ئەم حالەتانە لە"جیاوازی میللی‌یەوە" سەرچاوەی ناگری دەبی تەفسیری تیوەری وزانستی ئەوەمان بداتی کەشەری ناوخۆی نیوان یەکیتی وپارتی وگالتەکردنی نیوان "کوردی" شارەکانی هەولیرو سلیمانی ودهۆك وزاخۆ وکەرکوك... لەکام "جیاوازی میللی"یەوە سەرچاوەی گرتووە..؟

لەکۆتایدا هیوادارم بۆ داوینجار کاك عبدالرحمن لەمنەوە وەلامی سەرەنج وپرسیارەکانی وەرگرتبیتەوە وئەوەشی کە پرسیارو سەرنجەکانی ئەو بوونە ریگایەك بۆ لیدوان ورۆشنگەری زیاتر سەبارەت بەسیاسەت وهەلویستەکانی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق سوپاسگوزارم.

25/12/2004